*Journal of Language Studies.* **Vol.7, No.3, 2023, Pages (44-61)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.3.3**

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Story (Collect Hailstones)
# With reference to Goldmanns Genetic structuralism

**Asst. Shno ahmed ghafour** *
**Kirkuk university – college of education**
shnoahmed@uokirkuk.edu.iq

**Received:** 1 /8 / 2023 , **Accepted:** 19 / 9 /2023, **Online Published: 30 / 11/ 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

Pre-structural critical approaches sought to exclude the text from their fields of study, contenting themselves with making it a document that serves its historical, social, psychological and other goals. After that, the pioneers of structuralism focused in their beginnings on the inside of the text, trying to realize how the linguistic structures are interconnected, ignoring the internal structure of the text. Goldmanian structuralism presented itself as an alternative to formal structuralism. Goldman was inspired by sociological and philosophical ideas and reformulated them in line with his dialectical Marxist thought. Formative structuralism is based on revealing the relationship between the mentality of a particular social group and the overall structure of the literary work.

In this research, we will try, based on the formative structuralism approach, in two main chapters, to answer what the concepts of formative structuralism are, and how and when did formative structuralism appear. As for the second chapter, the Goldmanian formative constructivism approach was applied in the story **(Collect Hailstones)** by (Mohsen Ahmed

* **Corresponding Author**: Asst. Shno Ahmed**, Email:** shnoahmed@uokirkuk.edu.iq
**Affiliation**: Kirkuk University - Iraq

Omar). Analysis and interpretation of the parts of the story according to the Goldmannian method.

**Keywords:** formative structuralism, understanding and interpretation, meaningful structure، worldview.

# قصة (جمع الحالوب)

# في ضوء البنوية التكوينية ل (لوسيان غولدمان)

**م. شنو احمد غفور**

**جامعة كركوك/ كلية التربية للعلوم الانسانية/ قسم اللغة الكوردية**

**الـمستـخلـص**

سعت المناهج النقدية قبل البنوية الى استبعاد النص من مجالات دراستها مكتفية بجعله وثيقة تخدم اهدافها التاريخية و الاجتماعية و النفسية و غيرها من الاهداف، وبعد ذلك ركز رواد البنوية في بداياتهم على داخل النص محاولين ادراك كيفية الترابط بين البنيات اللغوية، متجاهلين التركيب الداخلي للنص. فقدمت البنوية التكوينية الغولدمانية نفسها بديلا عن البنوية الشكلية. استلهم غولدمان الافكار السوسيولوجية والفلسفية واعاد صياغتها بما يتناسب مع فكره الماركسي الجدلي. تقوم البنوية التكوينية على اساس كشف العلاقة بين الذهنية لمجموعة اجتماعية معينة والبنية الكلية الدالة للعمل الأدبي.

سنحاول في هذا البحث معتمدة على المنهج البنيوي التكويني في فصلين رئيسين الاجابة على ماهية مفاهيم البنوية التكوينية و كيف و متى ظهرت البنوية التكوينة. اما في الفصل الثاني فقد تم تطبيق منهج البنوينية التكوينية الغولدمانية في قصة ( جمع الحالوب) ل ( محسن احمد عمر). وتحليل وتفسير اجزاء القصة وفق المنهج الغولدماني.

**<u>الكلمات الدالة:</u>** البنوية التكوينية، الفهم والتفسير، البنية الدالة، رؤية العالم.

# چیرۆکی (کۆکردنەوەی تەزرە)

# لەبەر ڕۆشنایی بنیاتگەری پێکهاتەیی

# ( لوسیان گۆڵدمان )دا

**م. شنو احمد غفور**

**جامعة كركوك – كلية التربية للعلوم الانسانية**

**پێشەکی** ناونیشانی توێژینەوە : بەو پێیەی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی ئاوێنەی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تیایدا دروست دەبێت، بۆیە لە ڕێگەی بەرهەمی ئەدەبییەوە خوێنەر دەتوانێت درک بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی نووسەرەکەی بکات، چونکە مرۆڤەکان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر

ئەو پرسانە هەیە کە  لە چوار دەوریانە، ئەو جیاوازییەش لە تێڕوانینیان بەرانبەر بە پرسەکان دێتەئاراوە، یەکێک لەو جیاوازییانە خۆی لە جیهانبینی نێو ئەندامانی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە، بەجۆرێک کە هەندێک کەس پێیان وایە ئەم جیهانە و هەموو شتێک کە تێیدایە لە مادده دروستکراوە ئەوانیش پێیان دەوترێت ماتریالیست. ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە هەوڵدەدەن بە هێزی زانستی و فیکری خۆیان هەموو شتێک دروست بکەن و بوونی دروستکەرێکی بەتوانا قبوڵ ناکەن. بە پێچەوانەی ئەم گروپەوە، کەسانێک هەن باوەڕیان بە بوون هەیە لە هێزێکی نەبینراو لە پشت دروستکردنی ئەم دونیایەوە. لێرەوە ڕوانگەی بنیاتگەریی پێکهاتەیی گۆڵدمان دەرکەوت، کە مامەڵە لەگەڵ تێڕوانینی تاکەکان بۆ دونیا بەرانبەر بە پرسەکان لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەکات. لە نێوان ئەم بەرهەمە ئەدەبییانەدا چیرۆکی ( کۆکردنەوەی تەزرە) لە نووسینی (د. موحسین ئەحمەد عومەر*) دەکەینە نموونەی پراکتیکی توێژینەوەکە، کە تێیدا تێڕوانینی ئیلاهی بۆ جیهان دەبینرێت. لەژێر ناونیشانی ( کۆکردنەوەی تەزرە لەبەر ڕۆشنایی بنیاتگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان )دا توێژینەوەکەمان ئەنجامدا.

ئامانجی توێژینەوە : ئامانجمان ناساندنی ئەو میتۆدە ڕەخنەییە لە ئەدەبی کوردیدا و پراکتیزەکردنییەتی لە چیرۆکی هاوچەرخی کوردیدا(کۆکردنەوەی تەزرە) بەنموونە، چونکە ئەم میتۆدە نزیکترینە لە ژیانی خەڵک و ئامانجیشی شیکردنەوەی چەمکە دەلالیەکانی پشت ڕستەکانە.

میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا  پشت بە میتۆدی بنیاتگەری پێکهاتەیی بەستراوە و لە میانی بۆچوونەکانی (لوسیان گۆڵدمان)ەوە شیکردنەوە بۆ چیرۆکەکە کراوە.

پرۆگرامی توێژینەوە : ئەم توێژینەوەیە لە دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا دوو پار خراوەتەڕوو، پاری یەکەمی بە ناوی : چەمک و پێناسەی بنیاتگەری پێکهاتەیی، تێیدا پێناسە و بۆچوونە جیاوازەکان باسکراوە، لە پاری دووەمیش : مێژوویەکی کورتی سەرهەڵدانی بنیاتگەریی پێکهاتەیی خراوەتە بەرباس. لە کۆتاییدا ئەنجام و سەرچاوەکان ڕیزکراون.

کلیلە وشە : بنیاتگەری پێکهاتەیی, تێگەیشتن و لێکدانەوە، بنیاتی واتایی، جیهانبینی.

## بەشی یەکەم : دەروازەیەک بۆ بنیاتگەری پێکهاتەیی

### پاری یەکەم- چەمک و پێناسەی بنیاتگەری پێکهاتەیی :

بنیاتگەری لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم کاریگەری وەکو تیۆر و پرۆگرام هەبوو و لە زۆربەی بوارەکانی ئەنثرۆپۆلۆژیا و ڕەخنەی ئەدەبی و فەلسەفە و ئەبستمۆلۆژیادا دەرکەوت.

لە ناساندنی چەمکی بنیاتگەریدا توێژەران بۆچوونی جیاوازیان هەیە، لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بنیاتگەری بە بەرهەمی بیری ( دی سۆسێر) دادەنرێت، کە پێی وابوو (( دەبێت زمانەوانی لە هەموو بابەتەکانی فەلسەفە و ئاین و فیلۆلۆژیا و تیۆرە ئاکارییەکان دابماڵرێت، چونکە توێژینەوە زمانییەکانی پێش سۆسێر تەنیا ئامرازێک بوو بۆ کۆمەڵە بابەتێکی دەرەوەی زمان))(مهیبل، ٢٠١٠،ص٢١). بۆیە

بنیاتگەرەکان بە تایبەت ( فۆرمالیستەکان) لەم ڕەهەندەوە دەقیان لە هەموو بابەتێکی دەرەکی وەکو لایەنی مێژوویی وکۆمەڵایەتی و دەروونی بە دوورگرت و دەقی ئەدەبییان وەکو بابەتێکی زمانی سەیرکرد، ئەمەش دواجار بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەندێک لە توێژەران لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی زمانی دەقی ئەدەبی بە هەند وەربگرن و ناویان لێنا بنیاتگەری پێکهاتەیی.

بۆ زانینی چەمکی بنیاتگەری پێکهاتەیی، دەبێت سەرەتا ئەم چەمکە لای ( لوسیان گۆڵدمان) بخەینەڕوو، چونکە گۆڵدمان یەکەم کەس بوو بناغەی میتۆدی بنیاتگەری دامەزراند، ئەمەش تا ڕادەیەک لە بنیاتگەرییەکەی (جان پیاجێ) دەچێت، بەڵام (( گەر پیاجێ وێنای بنیاتگەری بە شێوەی تیۆری کرد، ئەوە گۆڵدمان ئەو تیۆرەی بە تەواوەتی لە بواری کۆمەڵناسی ئەدەبیدا پراکتیک کرد)) (فضل،١٩٩٨،ص١٢٨). هەر بۆیە بنیاتگەری لای گۆڵدمان گشتێکی تەواو و سیستەماتیک بوو بۆ کۆمەڵێک پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکان، بۆیە لەم ڕەهەندەوە دەگوترێت کە ((پەیوەندییەک لە نێوان بنیاتی هونەری و بنیاتی کۆمەڵایەتیدا هەیە و تێگەیشتن لەو پەیوەندییەش تەنیا لە ڕێگەی جیهانبینییەوە دروست دەبێت))(غولدمان،١٩٨٢،ص٧١-٧٢). کەواتە بنیاتگەری پێکهاتەیی خۆی لەو ڕەهەندە دەبینێتەوە، کە ئەدەب تەنیا بازنەیەکی داخراو نییە لە نێو خۆیدا، بەڵکو ئەوە پەیوەندی ناوەوە و دەرەوەی دەقە وا دەکات ئەدەب بوونێکی تەواوی هەبێت و ڕێگەیەک بێت بۆ بەستنەوەی دەق بە ژیانی مرۆڤایەتییەوە. بایەخدان بە دیاردەی ئەدەبی و بەستنەوەی بە ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان وای لە (گۆڵدمان) هەموو ئەتوارێکی مرۆڤانە وەکو وەڵامدانەوەیەکی واتایی دابنێت. ئەو هەڵوێستانەش بە گۆڕینی بارودۆخە تایبەتییەکان دەگۆڕێن، بۆیە بارودۆخی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ژیان هۆکاربوون بۆ ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی وەک بەشێکی سۆسیۆلۆژیا سەیربکرێت، ئەمەش وایکرد گۆڵدمان بنیاتگەری ببەستێتەوە بە لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە .

(ڕۆڵان بارت) لە هەمووان زیاتر بە بنیاتگەری پێکهاتەیی ( لوسیان گۆڵدمان) کاریگەربوو و پێی وابوو ((لە هەموو میتۆدەکان نیاتر و گونجاوتر و کارامەترە، ئەمەش وایکرد وێنای ئەم میتۆدە وەک لقێکی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی بکات))(الحمدانی،١٩٩٠،ص٧١٠). هۆکاری ئەمەش وابەستەبوونی گۆڵدمان بوو بە قۆناغەکانی شیکردنەوە، چونکە زۆربەی شیکردنەوەکانی پشتبەستووبوو بە هۆشیاری شیاو ( الوعی الممکن) لە نێوان داهێنانی ئەدەبی و واقیعدا .

گۆڵدمان لە باسکردنی بنیاتگەری پێکهاتەیی پشتبەستوو بوو بە بیرۆکەکانی (جۆرج لۆکاش) بە تایبەت ئەوەی لە کتێبی (تیۆری چیرۆک)دا هاتبوو. (گۆڵدمان) پێی وابوو: ((بنیاتگەریی پێکهاتەیی چەمکێکی زانستی و ئەرێنییە دەربارەی ژیانی مرۆڤایەتی، چەمکێکە بناغە دەروونییەکەی بۆ فرۆید و ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەشی بۆ هیگڵ و مارکس و لۆکاش دەگەڕێتەوە)) (ولداباه، ٢٠٠٥،ص٧٨). ئەمەش مانای وایە میتۆدی بنیاتگەری پێکهاتەیی هەر لە خۆوە دروست نەبووە، بەڵکو بناغەکەی بۆ کۆمەڵێک فەلسەفە و تیۆری بەناوبانگ دەگەڕێتەوە.

میتۆدە بنیاتگەرییەکەی گۆڵدمان جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ بنیاتگەرە زمانەوانی و فۆرمالیستەکاندا هەبووە، لای (لوسیان گۆڵدمان) (( بونیادگەرییە فۆرمالیستەکان لە میانەی

تاوتوێکردنی دەقدا، تەنیا جەخت لە چارەسەکردنی بنیادی بابەتی دەقی ئەدەبی دەکەن، لەکاتێکدا فاکتەری سەرەکی دەقەکە فەرامۆش دەکەن. واتە بنیاتگەری فۆرمالیستی تەنیا بایەخ بە ئەنجام دەدەن، بێ ئەوەی لە هۆکارەکان وردببنەوە، ئەمە لە کاتێکدا بنیاتگەری پێکهاتەیی گرنگی بە مرۆڤ دەدات وەک فاکتەرێک، چونکە ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە دەق، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بزوێنەری مێژووە))(یاسین،١٩٩٩،ل١٣). لێرەدا مەبەستی گۆڵدمان ئەوە نەبوو دەقی ئەدەبی بگەڕێنێتەوە بۆ مێژووی دروستبوونی، بەڵکو لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەقەوە، بە دوای بنیاتی زەینی واتادا بگەڕێت، کە دەقەکە پێکدەهێنێت و لە ڕێگەیەوە ڕەخنەگری ئەم میتۆدە جیهانبینی نووسەر لە چوارچێوەی ژینگە و دەوروبەرەکەیدا دەدۆزێتەوە. بە پێی ئەم میتۆدە کاری ئەدەبی دەربڕینی جیهانبینییە و لە ڕێگەیەوە نووسەر ڕوانینی خۆی دەربارەی دەورووبەرەکەی دەخاتەڕوو، وەکو ئەوەی ناوەڕۆکی دەق، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە بێت، چونکە (( تەنیا لە ڕێگەی فۆرمی دەقی ئەدەبییەوە، ناتوانین لە دەق بگەین، دەق ئەو دەمە گشتگیر و تەواو دەبێت کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان شێوەی هونەری و ناوەڕۆکی کارە ئەدەبییەکەدا هەبێت، بەو واتایەیی ناتوانین بە شێوەیەکی لێکدابڕاو مامەڵە لەگەڵ ڕوخسار و ناوەڕۆکدا بکەین))(ساڵەح،٢٠١٢،ل٦٣-٦٤). لە کۆی ئەو بۆچوونانە دەگەینە ئەوەی، میتۆدی بنیاتگەری پێکهاتەیی: ئەو میتۆدەیە کە پردی پەیوەندییە نێوان کۆمەڵناسی و بنیاتگەری لە لایەک و بنیاتگەری و دەروونناسی لە لایەکی ترە و پێی وایە هەموو دەقێکی ئەدەبی بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی ئاریشە و بارودۆخ و ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە تێیدا سەریهەڵداوە.

**پاری دووەم - مێژوویەکی کورتی سەرهەڵدانی بنیاتگەری پێکهاتەیی :**

بنیاتگەری پێکهاتەیی لە ئامێزی بیری مارکسی لە میانی هەوڵی بیرمەند و ڕەخنەگرە مارکسییەکانەوە سەریهەڵداوە. ئەم میتۆدە بۆ هەوڵەکانی (لوسیان گۆڵدمان) دەگەڕێتەوە، کە یەکێک بوو لە قوتابییەکانی ( جۆرج لۆکاش) و بناغەی بنیاتگەری پێکهاتەیی دانابوو. (( لە ساڵی ١٩٤٧ ەوە گریمانەیەکی پێشکەشکرد و دواجار بووە بناغەی میتۆدەکەی، کە پێی وابوو ئەدەب و فەلسەفە گوزارشت لە جیهانبینی دەکەن، جیهانبینی واقیعێکی تاکەکەسی نییە بەردەوام بگۆڕێت، بەڵکو واقیعێکی کۆمەڵایەتییە و ڕوانگە و سیستەمی بیرکردنەوەی گروپێکی مرۆییە کە لە هەمان هەڵومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەژین))(نورالدین،٢٠٠٩،ص٩٤). گۆڵدمان بنیاتگەری پێکهاتەیی لە بواری سۆسیۆلۆژیایی ئەدەبدا پراکتیککرد، یاساکانی بنیاتگەری لای گۆڵدمان بە بیری دیالێکتیکی مارکسی ڕەنگکرابوو و واتای دەقی ئەدەبی بە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی بیر بەستەوە. لە ساڵی (١٩٥٠ )دا جارێکیتر گۆڵدمان بیرۆکەکانی بە شێوەی تیۆری دارشتەوە، دوا بەدوای ئەوە کتێبی ( خواوەندی شاراوەی) بڵاوکردەوە، کە پراکتیکردنی بۆچوونەکانی گۆڵدمان بوو و پێی وابوو : (( هەمیشە کردارەکانی مرۆڤ بنیاتێکی واتایی گشتگیر و تیۆرێکی زانستی بزێو پێکدەهێنێت و ئەم پێکهاتانەش ناکرێت بە شێوەی پۆزەتیڤانە شیبکرێتەوە، بەڵکو دەبێت لە ڕوانگەیەکی کردەییەوە بێت، کە لەسەر بنەمای قبوڵکردنی کۆمەڵێک بەها دامەزراوە )) (غولدمان، ٢٠١٠،ص١٧). زۆربەی توێژەران کۆکبوون لە سەر ئەوەی کتێبی ( خواوەندی شاراوە) ی گۆڵدمان سەرچاوەیەکی گرنگی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە و زۆر بابەت لە خۆدەگرێت. بیرۆکەکانی

گۆڵدمان بە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە کۆتایی پێنەهات، بەڵکو برەویدا بە بۆچوونەکانی و لە ساڵی ( ١٩٦٤)دا کتێبی ( لە پێناو سۆسیۆلۆژیایی چیرۆک)دا بڵاوکردەوە و لە ساڵی (١٩٧٠) ش هەردوو کتێبی (بنیاتی هزری و داهێنانی ڕۆشنبیری، مارکسییەت و زانستە مرۆڤایەتییەکان)ی بڵاوکردەوە. هەرچەندە بیرۆکەکانی گۆڵدمان لە نێوان ساڵانی (١٩٥٢ _ ١٩٧٠)تایبەتبوو بە دامەزراندنی بنیاتگەری پێکهاتەیی، بەڵام بناغەی تیۆری گۆڵدمان و ئەو چەمک و ڕێکارانەی لە زۆربەی نووسینەکانیدا پەیڕەویدەکرد، ڕەنگدانەوەی بنەمای دیالێکتیکی مارکسی پێوەدیاربوو.

لەم پرۆسە درێژخایەنەدا، گۆڵدمان ڕێبازێکی ڕەخنەیی فەلسەفی بلورکرد و ناوی لێنا ( بنیاتگەری پێکهاتەیی)و چەندین هۆکار هەبوون کە زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی خۆشکرد. لە نێویاندا باسی ئەوە دەکەین کە (یۆن باسکاوی) لە وتارێکیدا بە ناوی (بنیاتگەری پێکهاتەیی و لوسیان گۆڵدمان) پێشکەشیکرد و تیایدا باسی لەوە کرد کە ((بنیاتگەری پێکهاتەیی، کە دیدێکی دیالێکتیکی لەخۆدەگرێت و هەوڵی تێپەڕاندنی بەشێک لە سنوورەکانی بنیاتگەری دەدات، لە سەرەتادا لە لایەن هەندێک لە بنیاتگەرەکانەوە ڕەتکراوبوو))(غولدمان واخرون،١٩٨٦،ص٤٢). لە سەروسەودای ئەو بۆچوونانەوە (گۆڵدمان) هات تا بۆشاییەکانی نێو بنیاتگەری پڕبکاتەوە و هەوڵ بۆ دامەزراندنی ڕێبازێک بدات، کە چارەسەری ئەو هەڵانە بکات کە بنیاتگەرەکان کردبوویان، بنیاتگەری پێکهاتەیی دامەزراند. بۆیە پرۆژەی بنیاتگەری پێکهاتەیی دوو ئامانجی گرنگی پێکا :

١- دەقی لە داخراوی فۆرماڵیستەکان ڕزگارکرد.

٢- میتۆدی کۆمەڵایەتی لە ئایدیۆلۆژیا ڕزگارکرد، کە تەنیا لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەدەبیاتی هەڵدەسەنگاند.

## بەشی دووەم : ڕەگەزەکانی بنیاتگەری پێکهاتەیی لە چیرۆکی( کۆکردنەوەی تەزرە)دا :

لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێکرد ئامانجی (گۆڵدمان)لە بنیاتگەری پێکهاتەیی چاودێریکردنی دیدگای جیهان بوو بۆ بەرهەمە ئەدەبییە باشەکان، ئەوەش لە ڕێگەی پرۆسەکانی تێگەیشتن و لێکدانەوە پاش دەستنیشانکردنی بنیاتی واتایی لە شێوەی وتاری زەینی و فەلسەفیدا. ڕێکارەکانی گۆڵدمان بۆ خوێندنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی لە کۆمەڵێک ئامراز پێکهاتبوو : (جیهانبینی، بنیاتی واتایی، هۆشیاری باو و هۆشیاری شیاو، تێگەیشتن و لێکدانەوەی لایەنی مێژوویی و ڕۆشنبیری و هزری ....هتد) لەسەر بنەمای ئەم ڕێکارانە خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی (کۆکردنەوەی تەزرە) دەکەین :

* **تێگەیشتن** : بنیاتگەری پێکهاتەیی لە شیکردنەوەی دەقەکاندا جەختی لەسەر پێکهاتەی ناوەوەی کار کردەوە، ئەمە ئەوەیە کە گۆڵدمان بە قۆناغی یەکەمی شیکاری ناوی دەبات و پێی دەوترێت "قۆناغی تێگەیشتن"، لەم قۆناغەدا بە پێی ڕێبازی شیکاریی گۆڵدمان، پێویستە لە پێکهاتە واتاییەکانی ناو چیرۆکەکە تێبگەین، لەوانە بنیاتی واتایی ( دەستپێک، کارەکتەر، شوێن، کات)، هۆشیاری باو و هۆشیاری شیاو...هتد .

**یەکەم- بنیاتی واتایی** : بە بڕوای گۆڵدمان، بنیاتی واتایی ((لە پەیوەندیی ناوەوەی توخمەکانەوە، لە ڕوانگەیەکی گشتی نێو پێکهاتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دروستدەبێت، لە هەمان کاتدا جەخت لە گواستنەوە دەکات لە دیدێکی نەجوڵاوەوە بۆ دیدێکی جوڵاو و هەوڵ بۆ یەکەیەکی یەکگرتوو لە نێو پرۆسەکەدا دەدات))(باسکاوی،١٩٨٤،ص٤٢-٤٦). مەبەستی گۆڵدمان لەم بنیاتە تێگەیشتنە لە گشتگیری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هەر ئەمەش لە نێو چیرۆکی (کۆکردنەوەی تەزرە) بە دیدەکرێت، کە کێشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەک لە خۆدەگرێت :

١- دەستپێکێکی داهێنەرانە : یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەقی چیرۆک دەستپێکێکی جوان و سەرنجڕاکێش و داهێنەرانەیە، بەڕادەیەک دەبێت خوێنەر لە سەرەتاوە هەندێک شت سەرەنجی ڕابکێشێت چی ناوەڕۆکی بابەتەکە بێت ، یاخود چۆنییەتی گێڕانەوەکەی بێت، ئەمە وادەکات خوێنەر تاکۆتایی بابەتەکە بە باشی بخوێنێتەوە بە هەمان چێژی سەرەتا. چیرۆکی (کۆکردنەوەی تەزرە) گێڕانەوەی چیرۆکە لە ڕێگەی ڕووداوێکی مێژووییەوە ،تراژیدیا و نەهامەتییەکانی نەتەوەیەکە، کە پێش زاین ڕوویداوە و وردەکارییەکانی لە میانی ئەم چیرۆکەدا بە ئێمە گەیشتووە. چیرۆکەکە چەند پشت بەستووە بە مێژوو دوو هێندە ئەوە هەڵگری سەلیقە و تیروانینی هونەرییە. بگێڕەوەیەکی هەمانشتزان کارەکتەرێکی ژن دەخولقێنێ و چیرۆکەکەمان لە زاری ئەوەوە پێشکەشدەکات. سەرەتاکەی بە ڕووداوێکی مێژووی سەرنجڕاکێش لە شوێنکاتێکدا دەستپێدەکات : (( ئەمڕۆ سپێدە زوو لە شاری بابیلیم دەرچووین، لە دەروازەی سین هەندێ جاریش لە دەروازەی لۆگالگیرا دەردەچین کە بەرەو باکوور دەچن، دەروازەی سین بەیانیان لەگەڵ تاری و ڕوونی دەکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاسپاردەی کارێکی شاهانەین بۆ شابێلشانائوزور، دەبوایە لە زوویەکەوە دەرچین ))(عومەر،٢٠١٨،ل١٥). لەم دەستپێکەدا نووسەر زۆر بە وریاییەوە ناوی هەندێ شوێنی ڕاستی دێنێت، ئەو ناوهێنانە وادەکات وەرگر یەکسەر بیر لە واقیعبوونی چیرۆکەکە بکاتەوە، هەر ئەمەشە وا لە خوێنەر دەکات ئارەزووی گەڕان بەدوای واتاکانی پشت دەقەکەوە بکات، چونکە مرۆڤ زۆرجار حەزی بە ڕووداوی حەقیقییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وەرگر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبداتەوە، بەڵکو لە ڕاست و دروستی چیرۆکەکە بگات.

٢- کارەکتەر : بوونەوەرێکی دروستکراوی نێو چیرۆکە، ئەو بوونەوەرە دەشێت لە واقیعدا هاوشێوەی هەبێت، بەڵام لە نێو دەقی چیرۆکدا وەکو بوونەوەرێکی خەیاڵی دروستکراوی چیرۆکنووس دەردەکەوێت و تەواوی ڕووداوەکان پەیوەندی بە وەوە هەیە و بە توخمێکی سەرەکی دروستبوونی چیرۆک دادەنرێت، خاوەنی ئەو هێزە دینامیکییەیە، کە واقیع دەبزوێنێ و ڕەوتی ڕووداوەکانی پێدەسپێردرێ. زور جار کارەکتەر دەبێتە ئامرازێک چیرۆکنووس لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە ڕوانین و حەز و ئایدیایی خۆی دەکات، بەڵام ئەو گوزارشتکردنە هەرچەندە ڕەهەندێکی واقیعی هەیە، وەلێ ئەو ڕەهەندە بە فلتەری فەنتازیادا تێپەڕیوە، لەم بارەوە "جیرالد برنس" دەڵێت: (( کارەکتەر بوونەوەرێکە بارگاوییە بە سیفاتی مرۆڤانە و پابەندە بە ڕووداوی مرۆڤانە، کارەکتەرەکان دەکرێت زۆر بایەخداربن "بە پێی گرنگی دەق"، یان کاریگەربن بە پێی گۆڕانەکان" یاخود نەجووڵاو سابتبن کاتێک جیاوازی لە نێوان سیفات وکردەوەکانیاندا نییە"، یان تەنیا کارەکتەری ڕووکەشییانەبن "خاوەنی یەک جۆر سیفەت و تایبەتمەندی بن" ))(برنس، ٢٠٠٣،

ص٤٢-٤٣) هەر بۆیە کارەکتەری نێو چیرۆک بە پێی ئایدیۆلۆژیا وکەلتوور و شارستانییەت و سروشتی مرۆڤەکان دەگۆڕێت. لە نێو چیرۆکدا چەندین جۆر کارەکتەر هەیە ( سەرەکی، لاوەکی ) ئەم دوو جۆرەش بۆیان هەیە کارەکتەری پەرەسێن، یاخود پەرەنەسێن بن و هەمووشییان خاوەنی کۆمەڵێک ڕەهەندن وەکو (ڕەهەندی فیزیکی، دەروونی، ئایدیۆلۆژی، ڕۆشنبیری، سیاسی، ئاینی ...هتد) لێرەدا لە چیرۆکی (کۆکردنەوەی تەزرە) دا کارەکتەرەکان دەخەینەڕوو :

**- کارەکتەری سەرەکی**: ئەم جۆرە لە هەر کارەکتەرێک زیاتر دەردەکەوێ و ڕووداوەکان لە دەوری دەسوڕێنەوە و زۆرجار بە کارەکتەری هونەری و کارەکتەری سەنتەرالیزم ناودەبرێت، چونکە دەبێتە سەنتەری پێشهات و بابەتەکانی نێو دەق، ئەم کارەکتەرە ڕۆڵی سەرەکی لە ڕووداوەکاندا دەگێڕێت و زۆربەی توخمەکانی چیرۆکیش بۆ گوزارشت کردن لە ژیانی کارەکتەری سەرەکی دامەزراوە. کارەکتەری سەرەکی لەبەر ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت بە دەرکەوتنی پێگەیەکی تایبەتی لە نێو دەقدا دەبێت و ڕۆڵی لە دروستبوونی ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتییدا هەیە و هەر ئەم کارەکتەرە دەبێتە هۆی لە دایکبوونی ڕووداوەکان. هەرچەند ئازادی زیاتری هەبێت، بەو ئەندازەیە دەتوانێت ڕۆڵەکان بە باشترین شێوە نمایش بکات. لە سەرەتاوە تا کۆتایی حیکایەتەکە ئامادەیی دەبێت و بەردەوام لە شەڕ و ململانێیەکاندا بەشداردەبێت .

- ژنێک (ئەو) : کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە، بگێڕەوەی (هەمانشتزان) لە زاری ژنێکەوە تەواوی ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو ژنە خاوەنی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و فیزیکییە. بەردەوام لەگەڵ پیاوەکان خەریکی کۆکردنەوەی تەزرەیە، لەبەر پێداویستییەکانی ژیان، ئازار و مەینەتییەکی زۆر دەبینێت. لە زاری بگێڕەوەوە هاتووە: (( لەم سەفەرانەدا ئێمە ژنەکان ناچین، تەنیا پیاوەکانمان دەچن (...) بەڵام بۆ تەزرە کۆکردنەوە لە سەرڕووی دەریاچەکانی باکوور ، ئێمەش دەچین))(عومەر،٢٠١٨،ل١٥-١٦)، هەروەها لە شوێنێکی تردا باسی ڕەهەندە فیزیکییەکەی خۆی دەکات، کە ژنێکی ناشرینە و لەبەر ئەوەی ناشرینە ڕزگاری دەبێت لە پاسەوانەکانی کۆرشی گەورە، چونکە هەر ژنێک جوان بووایە دەیانفڕاند : (( گەیشتینە نزیک دیوار، دەروازەی سین داخرابوو، ناچار بووین بە دەروازەی (لۆگالگیرا)خۆمان بخەینەوە ناو شار، لەوێش لێدان و کوتان بوو، لە پیاوەکانیان دەدا، ژن و منداڵە جوانەکانیان دەفڕاند، باش بوو من ئەوەندە جوان نەبووم، ئەگینا منیشیان دەفڕاند))(عومەر،٢٠١٨،ل١٨).

**- کارەکتەری لاوەکی**: ئەم جۆرە کارەکتەرە بەراورد بە کارەکتەری سەرەکی ڕۆڵی کەمترە. لەگەڵ ڕووداوەکان کارلێک دەکات و یارمەتی کارەکتەری سەرەکی بە شێوەیەکی کاتی دەدات و پاشان هەندێکیان ڕۆڵیان نامێنێت. لەم بارەوە "محمد غنیمی هلال" دەڵێت: (( ئەگەر کارەکتەرە لاوەکییەکان بەراورد بە کارەکتەرە سەرەکییەکان کەمتر دەرکەون، ئەوە مانای ئەوە نییە ڕۆڵیان لە نێو چیرۆکەکەدا نییە، بەڵکو زۆر جار کارەکتەری لاوەکی هەڵگری گۆشەنیگای نووسەرە)) (هلال،١٩٧٣،ص٢٠٥)، بۆیە بوونی کارەکتەری لاوەکی ئێجگار گرنگە بۆ تەواو کردنی ڕووداوەکان و خستنەڕووی گۆشەنیگای نووسەر. لە چیرۆکی سنووری توێژینەوەکەمان ئەمانەی خوارەوە کارەکتەری لاوەکین :

- شا بێلشانائوزور ( بیلشاصر): دوا پادشای شاری بابلیمه و کوڕی نابونیده، له پێناو دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان بەشێکی خەڵکەکەی له هەژاریدا دەژیان و کاری قورسیان دەکرد. ئەم کارەکتەرە خاوەنی ڕەهەندێکی سیاسییه و بەردەوام له لایەن ( کۆرشی گەورەوە)هەڕەشەی لێدەکرێت، تا دواجار کۆرش هێرش دێنێته سەر بابلیم و دەست به سەر خاک و موڵک وماڵی بابلیمدا دەگرێت و شاری بابلیم داگیردەکات. له زاری ژنەکەوه هاتووه (( کۆرشی گەوره به سەر شاریدا دابوو، له ڕێگای ئاوەوه، به ناو فوراتدا هاتبووه ناو بابلیم، تەڕ و وشکی سووتاندبوو، بێلشانائوزور لەگەڵ باوکی شا نابونید و ژنه جوانەکەی نیتوکریزهەڵاتبوون، پەنایان بۆ شاری لارسا بردبوو))(عومەر،٢٠١٨،ل١٨).

- کۆرشی گەوره : ئەم کارەکتەره ڕەهەندێکی سیاسی هەیه. پاشای فارس بووه و بەردەوام چاوی له داگیرکاری بووه، بۆیه له ساڵی (٥٣٩) پ.ز هێرش دەکاته سەر بابلیم و دەست به سەر تەواوی سەروەت و سامانیدا دەگرێت. له زاری بگێڕەوەوه هاتووه : (( ڕۆژگاریش باش نییه، چونکه دەنگۆی ئەوه هەیه ئەو سەر ڕێگایانه پڕبن له چەکدار و پیاوەکانی کۆرشی ئێلامی که له شووش دادەنیشێ، خەڵکی شووش به کۆرشی گەوره بانگی دەکەن. ئەم زانیارییانەش تا لای ئێمه هاتبوون، (...) گوایه کۆرشی گەوره ئەمڕۆ نا سبەی هێرش دەکاته سەر شارەکەمان بابلیم)) (عومەر،٢٠١٨،ل١٦-١٧).

- مەردۆک : ئەم کارەکتەره خاوەنی ڕەهەندێکی ئاینییه و خواوەندی پەرستگای (ئیزاگیل) ی بابلیمه، ساڵانێک خەڵکی بابلیم خواوەند مەردۆک دەپەرستن و داوای خۆشبەختی و خۆراکی لێدەکەن، بەڵام پاش قات وقڕی و نەهامەتی خەڵکی نەفرەتی لێدەکەن. ئەو دەمەی ( کۆرشی گەوره) هێرشدەکاته سەر بابلیم، هەموو کاهینەکان له پەرستگای ئیزاگیل له خزمەت (کۆرش)دا دەبن. (( ڕۆژی پاشتر له پێش کۆشک و پەرستگای گەورەی ئیزاگیل، شوێنی نیشتەجێی خواوەندی گەوره(مەردۆک) خواوەندی خواوەندان، کاهینەکان به گەوره و بچووکیان وێڕای فەرمانبەر و کاربەدەستان، هەموو له پێشوازی کۆرشی گەورەبوون))(عومەر،٢٠١٨،ل١٨).

٣- شوێن : شوێن توخمێکی گرنگی چیرۆکه و زۆربەی توخمەکانی تر به خۆیەوه پەیوەست دەکات، له نێو دەقی ئەدەبیدا بایەخی زۆری هەیه و هەڵبژاردنی شوێنیش ڕەها و تەنیا بۆ پیشاندانی بەهای جوانییەکەی نییه، بەڵکو پەیوەندی به بۆچوونی نووسەرەکەوه هەیه و زۆر جار نووسەران به پێی هزر و بۆچوونی خۆیان مامەڵه لەگەڵ شوێندا دەکەن. له وەسفکردنی شوێنی نێو چیرۆکدا هەست به نیگارکردنێکی سەیر دەکرێت، ئەو نیگارکردنه دەمانخاته بەردەم وەهمی واقیعییەتی شوێنەکان، بۆیه دەتوانین بڵێین زۆربەی جار توخمی شوێن (( له وەسفەوه دەستپێدەکات)) (العانی،٢٠٠٠،ص١٧). وەسفی شوێنەکان له نێو چیرۆکدا له ڕووی دەروونییەوه زۆر گرنگه و هەر بۆیه له ژیانی مرۆڤدا شوێن بووەته ماڵی یادگارییەکان. لەم بارەوه (گاستۆن باشلار) دەڵێت : ((ئەو شوێنەی سەرەنجی خەیاڵ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت ناکرێت هەمیشه شوێنێکی پەراوێزخراو بێت، چونکه شوێنێکه مرۆڤ تێدا ژیاوه نەك به شێوەیەکی کاتی ،بەڵکو به هەموو هێزێکی فەنتازییەوه )) (باشلار،١٩٨٠،ص١٧٩)بۆیه شوێن دەبێته ئەو توخمەی نهێنی ڕووداوەکان له خۆدەگرێ. له ڕوانگەی هەبوونەوه شوێن دابەش دەبێته سەر :

أ – شوێنی خەیاڵی: ئەو شوێنانەیە کە بوونی ڕاستیان لە سەر زەوی نییە و لە داهێنی هزرو خەیاڵی چیرۆکنووسە، شوێنێکی نابەرجەستەیە و لە واقیعیەتی شوێندا بوونی نییە، چیرۆکنووس درکی پێدەکات بێ ئەوەی لە نێویدا ژیابێت زۆر جار شوێنە خەیاڵییەکان، کە چیرۆکنووس دایدەهێنێ لە یادەوەری نووسەردا شوێنی حەزی ئەو بووەنە، یان هەندێک جار لەبەر پێویستی حەکایەتەکە و گونجانی لەگەڵ ڕووداوەکاندا نووسەر شوێنی خەیاڵی دروستدەکات و لەگەڵ ڕۆڵەکان دەیانگونجێنێت، ئەو شوێنە خەیاڵییە بۆی هەیە شوێنی حەز، یاخود ناحەز، یان شوێنی کراوە، یاخود داخراو بێت بە پێی سیاقی دەقەکە. واتا ئەم جۆرە شوێنە لە نێو چیرۆکدا بە یەک شێوە نامێنێتەوە بەڵکو بە پێی دۆخگۆڕینەکان دەگۆڕێت. لەم چیرۆکەدا شوێنی خەیاڵی نییە، بەڵام بوونی ئەو دەریاچانەی کە تەزرەی لێی کۆکراوەتەوە لە سەر نەخشەی ئێستادا نادۆزرێتەوە ،بەڵام لە فەزای چیرۆکەکەدا بوونی هەیەو ئەو جێگا خەیاڵییە ( بۆ ئێستای من) کە بە شێوەی خەیاڵی تەزرەی تێدا کۆکراوەتەوە شوێنی سەرەکی و شوێنی خەیاڵی نێو چیرۆکەکە.

ب – شوێنی واقیعی: مەبەست لێی ناوهێنانی ڕاستەقینەی ئەو شار ودێهات وگوندانەیە، کە لە سەر نەخشەی جوگرافی وڵاتانی دنیا بوونیان هەیە .ناوهێنانی ڕاستی شارەکان مانای ئەوە ناگەیەنێت شارێك وەکو شاری چیرۆک ئاساکە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە ، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەیە قەناعەت بە خوێنەر بکات، کەوا ڕووداوی ڕاستەقینە لە شوێنی ڕاستیدا دەخاتەڕوو و ئەم جۆرە شوێنە وادەکات وەرگر لە ڕێگەی زەینەوە وێنای دیمەنی ئەو شوێنە بکات و بە پێش چاویدا تێپەڕێت و زۆرجاریش ناوهێنانی ڕاستی شوێنەکان گوزارشت لە شوناس و کەلتووری نووسەر دەکات. ئەم جۆرە شوێنانە بۆی هەیە شوێنی حەز و ناحەز و کراوە و داخراوبن. ئەو شوێنە واقیعیانەی لە چیرۆکەکەدا هاتووە، لەگەڵ جوگرافیای ئێستای ناوچەکە بە هۆی گۆڕانکارییەکانی سروشتەوە هەندێك جیاوازە. زۆربەی شوێنەکانی نێو چیرۆکی (کۆکردنەوەی تەزرە) شوێنی واقیعین و هەڵگری مێژوویەکی کۆنن، لێرەدا هەندێکی دەخەینەڕوو :

- شاری بابلیم: شوێنی سەرەکی ئەم چیرۆکە شاری ( بابلیمە)، کە دەروازەی دەستپێکی چیرۆکەکەیە و شوێنێکی واقیعییە و فارسەکان بە ناوە سۆمەرییەکەی ( کادینگرا) ناویان دەبرد، دوو دەروازەی سەرەکی هەبووە ( سین و لۆگالگیرا). شوێنی پەرستگای ئیزاگیل و خواوەند (مەردۆک) بووە. ئەم شوێنە حاڵی حازر دەکەوێتە باشووری عێراق. لە زاری بگێڕەوەوە هاتووە ((ئەمڕۆ سپێدە زوو لە شاری بابلیم دەرچووین، لە دەروازەی سین، هەندێ جاریش لە دەروازەی لۆگالگیرا دەردەچین))(عومەر،٢٠١٨،ل١٥). ئەم شوێنە واقیعییە خاوەنی ڕەهەندێکی مێژوویی کۆنە و چیرۆکی نەهامەتی و خۆشبەختییەکانی دانیشتووانی ئەو سەردەمەی لە خۆگرتووە، لەبەر ئەوەی ناوچەی سروشتی زۆری لێبووە، بۆیە فارسەکان بەردەوام چاویان لەسەری بووە تا داگیرییکەن.

- شاخەکانی زاگرۆس : ئەو شوێنە سروشتییە بووە، کە خەڵکی ناوچەی بابلیم لەوێ بەفریان کۆدەکردەوە و پێداویستییەکانی ئەو ساڵەیان پێ دابیندەکرد. لە زاری کارەکتەری سەرەکییەوە هاتووە : ((ئێمە لە مانگی ڕەشەمێ تا ئەو کاتەی شەو و ڕۆژ یەکسان دەبن، تا سەر شاخەکانی زاگرۆس دەچین، لەوێ تەلیسی گەورە پڕ لە بەفری پاک دەکرێ))(عومەر،٢٠١٨،ل١٥).

جگە لەو دوو شوێنە ناوی چەندین شوێنی تری واقیعی هاتوون وەکو : ( ئەگباتان، پەرستگای ئیزاگیل، نینەڤا، شووش، ئەریدۆ، کیش، لارسا، ئایۆن ...هتد)، ئەم شوێنە واقیعییانە لە ئێستادا ناوەکانیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ناوی تری لێنراوە.

٤- کات : کات یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی چیرۆک و دەبێتە هۆی جووڵانەوە و گەشەپێدان و تەواو بوونی لایەنەکانی چیرۆک، هەر لە نێو کاتدا کارەکتەرەکان بەریەکدەکەون و ڕووداوەکان دروستدەکەن. توخمی کات یەکێکە لە کێشەکانی گێڕانەوە و کار لە سروشت و ئەزموونی خودی و بابەتی مرۆڤەکان دەکات. واتا کات دەبێتە هەڵگری چەمکێکی خودی و بابەتی و ڕێژەیی، هەر لەبەر ئەمەشە ناتوانین سنوورێکی بۆ دابنێین و نکوڵی لێبکەین. "ئەفلاتون" پێیوایە: (( کات کردار و جووڵە و گۆڕانکارییە، ڕەنگ و ڕوخساری تەواوی شتەکان دەگۆڕێت و پاشان ناناسرێتەوە، هەموو شتێکمان وێران دەکات و دواتر بیرمان دەباتەوە))(ملاس،٢٠٠٧،ص١٣). بەڵام "ئەرستۆ" بۆچوونی پێچەوانەی هەیە و پێیوایە : ((کات ژمارەی جووڵەکان دەگەێنێ و دەبێتە سیفەتی گەوهەری جووڵەکان))(العزی،٢٠١٠،ص٢٥). ئەرستۆ وادەبینێ کات لە هەموو دیاردە جیهانییەکان زیاتر کاریگەری لە سەر کردار و جووڵەکان دەبێت. بۆیە ناکرێت لە چوارچێوەیەکدا پێناسەی کات بکەین، چونکە کات چەمکێکی فەلسەفییە و دابەش دەبێت و لە ئەنجامی ئەو دابەشبوونەش کاتی (ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو) دێتەئاراوە.

لە چیرۆکی ( کۆکردنەوەی تەزرە)دا هەردوو کاتی حیکایەت وکاتی گێڕانەوە هەیە، کاتی حیکایەت: ئەو کاتانەیە کەوا مەزەندە دەکرێت لە واقیعدا ڕوویدابێت، یاخود ڕۆماننووس بە خەیاڵی خۆی بەرهەمی هێنابێت و پابەندی سیستەمێکی زەمەنی یەک لە دوای یەکە. کاتی حیکایەتی ئەم چیرۆکە بۆ سەردەمی ( بێلشانائوزور- بیلشاصر) دەگەڕێتەوە، کە کوڕی نابونید بووە و دەسەڵاتی شاری بابلیمی لە ساڵی (٥٥٣)پ.ز بەدەستەوە بووە و دواجار لە لایەن کۆرشی گەورەوە شاری بابلیم لە (٥٣٩) پ.ز دەستی بەسەردا دەگیرێت. واتە زەمەنی حیکاتی ئەم چیرۆکە لە ( ٥٥٣ ) دەست پێدەکات و لە (٥٣٩) پ.ز کۆتایی پێدێت. لە زاری ژنەکەوە هاتووە : (( ئەم جارە ئێمە زوو، هێشتا دنیا تەواو تاریک بوو دەرچووین،(...) هەڵبەت بە هۆی ناتەواوی هەڵکەوتی سیاسی، گوایە ئەمڕۆ نا سبەی کۆرش هێرش دەکاتە سەر بابلیم و دەمێکە مرخی خۆی لێ خۆش کردووە، بۆیە ناوە ناوە چەکداری ئێلامی لە دەورووبەری شار دەبینران و ئەوانیش ڕاویان دەنان ))(عومەر،٢٠١٨،ل١٦).

کاتی گێڕانەوە: ئەو جۆرە کاتەیە لە ڕێگەی پێش و پاشکردنی زەمەنی نێو چیرۆکەکەوە دەست پێدەکات، کە ئەویش بەیانییەکی زووە و سەرەتایی دەرچوونە لە شاری بابلیم. دەیگێڕێتەوە : (( ئەمڕۆ سپێدە زوو لە شاری بابلیم دەرچووین(...) هەموو ساڵێ لە مانگی ڕەشەمێ تا مانگی جۆزەردان ئەمە کاری ئێمەیە، دێین و دەچین، هەر سەفەرێکمان بیست ڕۆژ دەخایەنێ، هەفتەیەک لە شار دەمێنینەوە، پشوویەک دەدەین، دیسان دەکەوینەوە ڕێ، ئێستا مانگی گوڵانە، باران کەمتر بووە، ناوە ناوە گەواڵە و تەزرەیەکی بە هێز دادەکا))(عومەر،٢٠١٨،ل١٥). لە کاتی گێڕانەوەدا نووسەر پەنای بردووەتە بەر خێرایی دەق، چونکە ئەو داگیرکارییە لە حەقیقەتدا دەشێت ماوەیەکی زۆری خایاندبێ، بەڵام لە چیرۆکەکەدا تەنها سێ هەفتەیە، ئەم خێراییە ئێستاتیکایەکی بەخشیووەتە

چیرۆکەکە و خوێنەری لە درێژدادڕی رزگارکردووە، لە هەمان کاتدا تێماندەگەیێنێ ڕاستە (٢٥٠٠) ساڵ بە سەر ڕووداوی بابیلیمدا تێپەڕیوە،بەڵام منی خوێنەر لە میانی خیرایی دەقەکەوە واهەست دەکەم کە تازە ڕوویداوە، ئەمەش لەو سونگەیەی کەوا ڕووداوەکانی رۆژهەڵات بەهۆی بیری خۆپەرستی دەسەڵاتدارانەوە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و لە زەینی منی وەرگردا بەردەوام وێنەی شەڕ و داگیرکاریی هەیە.

**دووەم- هۆشیاری باو و هۆشیاری شیاو** : ئەم دوو چەمکە کەمێک ئاڵۆز و قورسە، بۆیە سەختە بە شێوەیەکی ورد دیاریبکرێت، لەم بارەوە گوڵدمان پێی وایە هۆشیاری باو (( هۆشیاری واقیعی ژیانی ڕۆژانەی گرووپ و چینێکی کۆمەڵایەتییە، واتە ئەو هۆشیارییە، بارودۆخی گوزەرانی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک دەیهێنێتە کایەوە. هۆکارەکانی ژیانی ئابووری و ئایینی و پەروەردەیی...هتد کار دەکاتە سەر پێکهاتنی هۆشیاری واقیعی هەر گرووپێکی، چینێکی کۆمەڵایەتی. بەڵام هۆشیاری شیاو بریتییە لەو هۆشیارییە کە لە هەناوی هۆشیاری باودا سەرهەڵدەدات، ئەو هۆشیارییە کە لە لایەن گرووپێکەوە دروست دەبێت، کە بۆی هەیە نەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو گرووپە بونیادی خۆی بگۆڕێت، واتە ئەو هۆشیارییەی لا دروست دەبێت بە بێ ئەوەی گۆڕانی بە سەردا بێت لە کاتی دروستبوونی ئەو هۆشیارییەدا ))(یاسین،١٩٩٩،ل١٨) . هەردوو جۆری هۆشیاری باو و هۆشیاری شیاو لە ژیانی هەندێک کارەکتەری چیرۆکی باسەکەماندا بەدیدەکرێت :

- دەرکەوتنی هۆشیاری باو و هۆشیاری شیاو لای کۆمەڵە کارەکتەرێک: بەشێک لەوانەی بۆ کۆکردنەوەی تەزرە دەچن لە هۆشیاری باو یاخی دەبن و هۆشیاری شیاو لە ناخیاندا پەرەدەسێنێ. کاتێک کۆمەڵە ژن و پیاوێک دەچنە چیاکانی زاگرۆس بۆ هێنانەوەی بەفر پشت بە هێزی خواوەند( مەردۆک) دەبەستن، کە یارمەتیدەریان دەبێت، بەڵام پاش سێ هەفتە لە ئازار و مەینەتی وترس و برسێتی چاوەڕوانی بارینی بەفر دەکەن، هەر نابارێت و بە تەواوەتی بێئومێد دەبن، بۆیە هۆشیاری باوی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەگۆڕێت بەرەو هۆشیاری شیاو، ئەو هزرە شیاوەش ئەوەیە، کە نابێت چیتر بڕوا بە هێزی خواوەند ( مەردۆک) بکەن، چونکە زۆر نوێژیان بۆ کرد و لێی پاڕانەوە، بەڵام بە هانایانەوە نەچوو و بەزەیی پێیاندا نەهاتەوە. لە زاری کارەکتەری سەرەکییەوە هاتووە : (( هیوامان بە هەفتەی سێیەم بووبیکاتە گەواڵە و هەورە تریشقە، بەڵام هیچ، پیاوەکانمان بە قەد ساڵێک وێرد و نوێژیان بۆ خواوەند مەردۆک خوێندوو و ئەوەندەی لێی بپاڕێنەوە بەهانایان بێ و تەزرە بباریێ، بەڵام هەر هیچ، پاشان لە بێزاری و بیرکردنەوە لە زستانی ئاینده، بە کۆمەڵ نەفرەت وپلاریان بۆ خواوەند مەردۆک دەنارد، یاساوڵ و چەکدارەکانیش بە دار و قامچی وەردەگەڕانە سەریان و دەیانگوت : ئێوە چۆن کفر و گوناهی وا دەکەن، ئەی ئەگەر خواوەند مەردۆک لێمان توورە بوو، ئەوسا چی بکەین، فەرموو ئێستە کە تەزرە نییە و نابارێ بێ گومان لێمان توورە بووە، ئەمەش وەک سزایەکە، فەرموو ئێستە چی دەکەن ))(عومەر،٢٠١٨،ل١٧).

- هۆشیاری باو لای کاهینەکان : کاهینەکانی پەرستگای ئیزاگیل، بەردەوام بڕوایان بە هێزی خواوەند( مەردۆک) هەبووە و لە خزمەت پاشادا بوونە، هەرچی لەبەرژەوەندی خۆیان و پاشاکاندا بووە کردوویانە بە هزری باوی نێو کۆمەڵگە و بڵاوەیان پێکردووە. لە چیرۆکی (کۆکردنەوەی

تەزرە)دا کاهینەکان لە سەر هەمان هزری باوی خۆیان دەمێننەوە، تەنانەت ئەو دەمەی، کە ( کۆرشی گەورە) دەست بە سەر بابلیمدا دەگرێت، کاهینەکانی پەرستگا پێش هەموو کەس لە خزمەتیدا دەبن و پێشوازی لێدەکەن، بێ ئەوەی یاخیبن، یان بەرگری بکەن. لە زاری بگێڕەوەوە هاتووە : (( ڕۆژی پاشتر لە پێش کۆشک و پەرستگای گەورەی ئیزاگیل، شوێنی نیشتەجێی خواوەندی گەورە مەردۆک، خواوەندی خواوەندان، کاهینەکان بە گەورە و بچووکیان، وێڕای فەرمانبەر و کاربەدەستان، هەموو لە پێشوازی کۆرشی گەورە بوون، هێشتا تەواو نەگەیشتبوو، ئەوان دەمێک بوو کڕنووشیان بۆ بردبوو ))(عومەر،٢٠١٨،ل١٨).

* **لێکدانەوە ( التفسیر)** : قۆناغی دووەمی گۆڵدمان بۆ شیکردنەوەی دەق (لێکدانەوەیە) چونکە ((تیشک خستنەسەر پێکهاتەی مانا پرۆسەی تێگەیشتنە، بەڵام تێکەڵکردنی لە پێکهاتەیەکی فراوانتردا ئەوە پرۆسەی لێکدانەوەیە))(خشفە،١٩٩٧،ص٦٨). لەم قۆناغەدا توێژەر دەگەڕێت و لێکدانەوە و خوێندنەوەی بۆ دەقە ئەدەبییەکە دەستپێدەکات و زۆر بە باشی لە دەقەکە تێدەگات و جیهانبینی و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی دەقەکە دەخاتەڕوو. لێرەدا بە وردی دەیخەینەڕوو :

**یەکەم- جیهانبینی** : لای گۆڵدمان بریتییە لە (( هەستکردن و چۆنییەتی تێروانینی نووسەر بۆ واقیعێکی دیاریکراو، واتە جیهانبینی نەسقێکی فیکرییە لای نووسەر پێش لە دایکبوونی بەرهەمەکەی دەکەوێت، جیهانبینی نەسقێکی بیرکردنەوەیە، لە هەندێک هەلومەرجدا خۆی بە سەر گروپە خەڵکێک دەچەسپێنێت. کە لەبارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێکچوودان، واتە خۆی بە سەر چینەکانی کۆمەڵ دەچەسپێنێت ))(یاسین،١٩٩٩،ل١٦) .

جیهانبینی ئەم چیرۆکە باسی ژیانی چینێکی هەژار و کرێکار، بەتایبەت(ژنێک و پیاوێک) دەکات کە وەرزی تەزرە و باران ڕوو لە باکوور دەکەن بۆ هێنانی تەزرە و بەفر بۆ چینی دەسەڵاتداری باڵا و کاهینە ئایینییەکان، ئامانجیان دەستکەوتنی خۆراکی زستانە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی تێشووی هاوینی پاشاو و کاهینەکان، خەڵکی ڕەش و ڕووتیش هەردەم ئاوی فوراتیان دەخواردەوە. واتە جیاوازی و چەوساندنەوە و نادادپەروەری باوەڕهێنان بە دەسەڵاتی ئەفسانە دەگێڕێتەوە کە هەر لەو کاتەوە، تا ئەمڕۆ وەک خۆیەتی و هیچ شتێک لەم ڕۆژهەڵاتە نەگۆڕاوە، ئەمەش لە کۆتایی چیرۆکەکە هەستی پێدەکرێ کە ڕۆژی داگیرکردنی بابل بە ڕۆژی گرتن و کەوتنی بەغدا دەچوێنێت، چونکە لە مێژووی نوێ ئەم شارە بە بابیلی کۆن لە قەڵەم دەدرێ. جیهانبینی بێمانایی و بێهوودەیی باسدەکات کە ڕوانینێکە هاوتای ڕۆژهەڵاتییە، ئەمەش واتە دەرنەچوون لە نەریت و خوولانەوە تیایدا بە شێوە و فۆرمی نوێ، بەلام هەر نەریتە کۆنەکەیە بە ڕووێکی دی، سەرەنجام هیچ شتێک لەوساوە نەگۆڕاوە و هەموو شتێک وەک خۆیەتی. لە میانی ئەم چیرۆکەوە بۆمان دەردەکەوێت دەسەڵاتی کاهین و پاشاکان لە پێناوی ئاسوودە بوونی خۆیان سوودیان لە چینی هەژارەکان بینیوە و مەبەستیشیان بووە ئەو خۆش گوزەرانییەی خۆیان لە خەڵکی عەوام ی شارەکە بشارنەوە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك گرنگترینیان ئەوەیە ئەو خەڵکە گەر بە بابەتی تەزرەکەیان بزانیبایە دەشێ

هەوڵی دزینیان بدایە ،یاخود شۆڕشیان بکردایە دژی ئەو خۆش گوزەرانییەی ئەوان بۆیە کارەکە بە دزییەوە دەکرا.

لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە سەپاندنی بیرو بۆچوونی کاهینەکان بە سەر بیری خەڵکی دا دیارە چونکە لە ڕەفتاری ئەو کارەکتەرانەی بۆ تەزرە کۆکردنەوە چووبوون دەردەکەوێ، سەرەتا بۆ بەدەستهێنانی تەزرە پشت بە دوعاو پاڕانەوە دەبەستن: (( ڕۆژی دووەم لای نیوەڕۆ دەگەینە لێواری دەریاچە و گۆماوێکی زۆر بەرین، دەبێ لەوێ دانیشین، خیوەت و بارگە و بنە دانێین، چاوەڕێی تەزرەبارین بکەین، خواوەندەکان هاریکارمان بن))(عومەر،٢٠١٨،ل١٧)، بەڵام کە دەبینن ئەوە سوودی نییە یاخی دەبن لە خواوەند و سەرەتای لادانە لە بیری پابەندبوون بە خواوەندەوە، کەچی لە ڕێگەی پاسەوانەکانی شا بەرپەرچ دەدرێنەوە ئەوەش لە ڕێگەی ئەو حاڵەتە دەروونییەی زۆربەی خەڵکی چینی هەژار هەڵگرین، کە ترس و تۆڵەسەندنەوەی خواوەندە. لە زاری ژنەکەوە هاتووە: ((ئێوە چۆن کفر و گوناهی وا دەکەن، ئەی ئەگەر خواوەند مەردۆک لێمان تووڕە بوو، ئەوسا چی بکەین، فەرموو ئێستە کە تەزرە نییە و ناباری بێ گومان لێمان تووڕە بووە، ئەمەش وەک سزایەکە، فەرموو ئێستە چی دەکەن ))(عومەر،٢٠١٨،ل١٧).

لە لایەکی تریشەوە ڕووداوی گرتنی بابیلیم لە لایەن کۆرشەوە جیهانی دزین و ڕووتانەوەی خەڵك وڕفاندنی ئافرەتان و ئەو داگیرکارییەی بە سەر بابلدا هاتووە باسدەکات. لە زاری بگێرەوەوە هاتووە (( دوای ئەوەی دەستیان بە سەر هێستر و هەموو کەلوپەلێکی ئێمەدا گرت. سەرەنجام دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتینەوە ناو ماڵ، بەڵام چ ماڵێک، چۆڵ و هۆڵ، هەتا گۆزە ئاوەکانیشیان بردبوو، کۆرشی گەورە بەسەر شاریدا دابوو، لە ڕێگای ئاوەوە، بە ناو فوراتدا هاتبووە ناو بابیلیم، تەڕ و وشکی سووتاندبوو))(عومەر،٢٠١٨،ل١٨) .

**دووەم- لێکدانەوەی لایەنی مێژوویی و هزری و هونەری چیرۆکەکە:**

ئەم کورتە چیرۆکە باس لە بێهودەیی و بێمانایی دەکا، سوود لە ڕووداوێک وەرگیراوە کە لە سەردەمی بابلدا ڕوویداوە، ئەو ڕۆژەی بابل لە لایەن کۆرشی گەورە دەگیرێ و دەیکاتە پایتەختی دەوڵەتی هەخامەنشینی و کۆتایی بە ئیمپراتۆری بابیلی دێنێ و شا و شاژن و کوڕەکەی هەڵدێن و هەرگیز بۆ شارەکەیان ناگەڕێنەوە. ئەمە بنچینە و زەمینە مێژووییەکەی چیرۆکەکەیە.

لەم چیرۆکەدا نووسەر ویستوویەتی حەقیقەتی ئەو کاهینانە دەربخات لەوەی کە کۆمەڵە کەسێکی بەرژەوەندخواز و هەڵپەرست بوونە، چونکە لە سەردەمی پاشا نابونید و پاشان کوڕەکەی ((بێلشانائوزور) لایەنگری ئەو بوون و خەڵکی شاری بابلیمیان ناچارکردبوو لە ژێر ڕکێفی پەرستگا و پاشا دا بن، بەڵام هەر کە کۆرش هات بەر لە خەڵکە ئاسایییەکە یەکەم کەس کە کڕنۆشی بۆ پاشا برد کاهینی پەرستگا بوو. ئێستاش بە هەمان شێوەیە ،تەنیا ناوەکان و زەمەن گۆڕاوە. کەسایەتی کاهین لە ڕووی دەروونییەوە کەسایەتییەکی نەخۆشە چونکە هەمیشە لە هەوڵی گەورە کردنی (من)ی خۆیدا بووە ،هەروەها حەزو ئارەزووەکانی بە شێوەیەکی خەفە کراو و دوور لە چاوی خەڵکی هەموو جێبەجێ کردووە.

لەم چیرۆکەدا تێڕوانینێك زاڵە ئەویش ئەو هاوبەشییە کە لە دێر زەمانەوە لە نێوان ئایین و دەسەڵاتدا هەیە، هەمیشە دەسەڵات ئاینی بە کارهێناوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی خەڵك، بۆیە تەنیا کاهینەکان سوودمەند بوون لە هێنانی تەزرە، چونکە بەرژەوەندی هاوبەش هەبوو لە نێوانیان کە خۆی لە ئیستغلالکردنی ڕەشە خەڵك دەبینییەوە.

لایەنی هونەری ئەم چیرۆکە لە سێ گۆشەکەی ئەرستۆ لاینەداوە(سەرەتا – ناوەڕاست – کۆتایی). دوو ڕووداو لوتکەی گرێی چیرۆکەکەن. یەکەمیان: لەو کاتەدا دروست ئەبێت، کە لە چاوەڕوانی تەزرە باریندا لەگەڵ پاسەوانەکان تووشی کێشە دەبن و بە هۆی دەستنەکەوتنی تەزرەوە تووشی ترس و گومڕایی دەبن، دواتر بەرەو کرانەوە دەڕوات چونکە قافڵەکە لەو دڵەڕاوکێیە بەرەو گەیشتن بە حەقیقەتەکە دەڕۆن ،کاتێك دەگەڕێنەوە کۆتاییە تراژیدییەکە چاوەڕوانیان دەکات.

دووەمیان: خۆی لە ترس و دڵەڕاوکێ قافڵەکەدا دەبینێتەوە ،کە ترسی ئەوە دایگرتوون ئەمجارە دەگەڕێنەوەو تەزرەیان پێ نییە، چونکە ساڵەکە نەهاتە، بۆیە پاشا و کاهینە گەورەکان هەموویان دەخەنە زیندان و ئازاریان ئەدەن، نووسەر لێرەدا زۆر وردەکار بووە یاسایەکی دادپەروەرانەی خستۆتەڕوو ،ئەویش بە گەڕانەوەیان نەك تەنیا پاشا بگرە شار هەمووی لە ناوچووە ،ئەمەش ململانێی دەروونی مرۆڤە سادەکانە و بیرکردنەوەیانە لە سزا لەبەرانبەر بە جێنەهێنانی داواکاری سەرۆکەکانیان، کە درێژەی بۆ ئەم سەردەمەش کێشاوە .

## ئەنجامەکان

١- بنیاتگەری پێکهاتەیی بەهای نووسەری گەڕانەوە، کاتێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دەقی ئەدەبی لەگەڵ ڕەهەندە زمانییەکەی تێکەڵکرد .

٢- بنەمای تێگەیشتن و لێکدانەوە یەکگرتن لە نێوان دەقی داهێنەر و واقیعی کۆمەڵایەتی مێژوویدا دروستدەکات. تێگەیشتن پەیوەندی بە پێکهاتەی دەقەکەوە هەیە، بەڵام لێکدانەوە پەیوەندی بە دانانی ئەم پێکهاتەوە هەیە لە پێکهاتەیەکی هەمەلایەنی کۆمەڵگەدا، هەر ئەمەش لە چیرۆکی ( کۆکردنەوەی تەزرە)دا دەبینرێت .

٣- چیرۆکەکە واقیعی کۆمەڵگەی بابلی کۆنی بەرجەستە کردووە، ململانێی دەسەڵات و قەشە لەگەڵ خەڵک لە لایەک و داگیرکاریی هەخامەنییەکان لە لایەکی ترەوە .

٤- کاریگەری و کارتێکردن لە چیرۆکی ( کۆکردنەوەی تەزرە) بەدیدەکرێت لە نێوان کات و شوێن و کارەکتەرەکاندا، بە هەموویانەوە کێشەو ململانێیەکان و نادادپەروەری و تراژیدیای ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی بابلی کۆن بەرجەستەدەکەن.

* پ.د.موحسین ئەحمەد عومەر: پسپۆڕی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتناسی و بەراوردکاری، بەشی کوردی و بەشی فرانسی، کۆلیژی زمان، زاکۆی سەلاحەدین. لەساڵی ١٩٦٢ لە هەولێر لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواوکردووە، لە ١٩٨٦ خوێندنی بەشی کوردیی لە زانکۆی بەغدا

تەواو دەكات. لە ١٩٨٩/٩/٩ دەگاتە فرانسا، بورسی خوێندنی باڵای حكومەتی فرانسی وەردەگرێ. پاشان خوێندنی ماستەر و دكتۆرا لە زانكۆی سۆربۆن تەواو دەكات. لە ١٩٩٦ تا ٢٠٠٠ وەك وانەبێژ و سیمیناریست لە فرانسا، لە شاری پاریس كاری كردووە. ساڵی ٢٠٠٠ بە دەم بانگەوازی زانكۆكانی كوردستانەوە دەچێت و دەگەڕێتەوە كوردستان. زمانی فرانسی و عەرەبی و ئینگلیزی زۆر بەباشی دەزانێت. زیاتر لە (٣٨) بەرهەمی هەیە، لە وەرگێڕان و نووسین لە ژانرە جیاوازەكان.

سەرچاوەكان

یەكەم// بە كوردی

أ- كتێب:


١- ساڵەح، ئاوارە(٢٠١٢). ڕەخنەی كۆمەڵایەتی و پراكتیزەكردنی لە شیعرەكانی گۆراندا. چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر

٢- یاسین، عوسمان(١٩٩٩). بونیاتگەری پێكهاتەیی. چاپخانەی زانكۆی سەڵاحەدین. هەولێر

ب- گۆڤار:

٣- عومەر، موحسین(٢٠١٨). "كۆكردنەوەی تەزرە" گۆڤاری ڕامان : ژمارە(٢٥٨) .

دووەم// بە عەرەبی

أ- كتێب:

١- باسكاوي، يون(١٩٨٤). البنوية التكوينية ولوسيان غولدمان. الطبعة الاولى، مؤسسة الابحاث العربية. لبنان

٢-باشلار، غاستون(١٩٨٠). جماليات المكان. ب.ط. مطبعة وزارة الثقافة والاعلام. بغداد

٣- برنس، جيرالد(٢٠٠٣). المصطلح السردي. الطبعة الاولى، المشروع القومي. قاهرة

٤- الحمداني، حميد(١٩٩٠). النقد الروائي والايدلوجيا من سوسيولوجيا الروائية الى سوسيولوجية النص الروائي. الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي. بيروت

٥-خشفة، محمد(١٩٩٧).تأصيل النص( المنهج البنيوي لدى لوسيان غولدمان). الطبعة الثالثة، مركز الانماء الحضاري.سورية- حلب

٦- شحيد، جمال(١٩٨٢). في البنوية التركيبية(دراسة في منهج لوسيان غولدمان). ب.ط، دار ابن الرشد. بيروت

٧- العاني، شجاع(٢٠٠٠). البناء الفني في الرواية العربية في العراق.الجزء الثاني، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة. بغداد

٨- العزي، نفلة(٢٠١٠).تقنيات السرد واليات تشكيله الفني. ب.ط، دار غيداء للنشر.عمان

٩- غولدمان و اخرون، لوسيان(١٩٨٦). البنوية التكوينية والنقد الأدبي. الطبعة الثانية، مؤسسة الابحاث العربية. لبنان

١٠- غولدمان، لوسيان(٢٠١٠). الاله الخفي. الطبعة الاولى، الهيئة العامة السورية للكتاب. دمشق

١١- فضل، صلاح(١٩٩٨).نظرية البنائية في النقد الأدبي. الطبعة الاولى، دار الشروق. القاهرة

١٢- ملاس، مختار(٢٠٠٧).تجربة الزمن في الرواية العربية(رجال في الشمس) نموذجا. ب.ط، دار موفم للنشر.الجزائر

١٣- مهيبل، عمر(٢٠١٠).البنوية في الفكر الفلسفي المعاصر. الطبعة الاولى، ديوان المطبوعات الجامعية. الجزائر

١٤- هلال، محمد(١٩٧٣). النقد العربي الحديث. ب.ط. دار العودة. بيروت

١٥- ولد اباه، احمد(٢٠٠٥). البنوية التكوينية والنقد العربي الحديث. ب.ط، المكتبة المصرية للنشر والتوزيع. مصر

ب- گۆڤار:

١٦- نورالدين، صدار(٢٠٠٩)."مدخل للبنويةالتكوينية في القراءة النقدية العربية المعاصرة"مجلة عالم الفكر: العدد(١) المجلد(٣٨) : ٩٤.

**First// in Kurdish**

**A- Books:**

1- Saleh, Awara (2012). Social criticism and its practice in Goran's poems. First edition, Haji Hashim Tea House. Erbil

2- Yasin, Osman (1999). Structural constructivism. Salahaddin University Printing House. Erbil

B. Magazine:

3- Omar, Mohsin (2018). "Collection of Tezra" Raman Magazine: No. (258). 15-1.

Secondly, in Arabic

A// BOOK:

1- Baskawi, Yoon (1984). Generative structuralism and Lucien Goldman. First edition, Arab Research Foundation. Lebanon

2- Bachelard, Gaston (1980). aesthetics of the place. duck. Press of the Ministry of Culture and Information. Baghdad

3- Prince, Gerald (2003). narrative term. First edition, the national project. compelling

4- Al-Hamdani, Hamid (1990). Novel criticism and ideology, from the sociology of the novel to the sociology of the novel text. First edition, Arab Cultural Center. Beirut

5-Khashafa, Muhammad (1997). The Origination of the Text (The Structural Approach of Lucien Goldman). Third edition, Center for Civilization Development. Syria - Aleppo

6- Shahid, Jamal (1982). In structural structuralism (a study in the method of Lucien Goldman). B.I, Dar Ibn Al-Rushd. Beirut

7- Al-Ani, Shuja (2000). Artistic Construction in the Arabic Novel in Iraq. Part Two, Public Cultural Affairs House Press. Baghdad

8- Al-Ezzi, Nafla (2010). Narration techniques and mechanisms of artistic formation. B.T., Ghaida Publishing House. Amman

9- Goldman et al., Lucien (1986). Generative structuralism and literary criticism. Second edition, Arab Research Foundation. Lebanon

10- Goldman, Lucien (2010). The hidden deity. The first edition, the Syrian General Organization for Books. Damascus

11- Fadl, Salah (1998). The Constructivist Theory in Literary Criticism. First edition, Dar Al-Shorouk. Cairo

12- Malas, Mukhtar (2007). The experience of time in the Arabic novel (Men in the Sun) as a model. B.I, Movem Publishing House, Algeria

13- Muhaibel, Omar (2010). Structuralism in Contemporary Philosophical Thought. First edition, University Press. Algeria

14- Hilal, Muhammad (1973). Modern Arabic criticism. duck. Home of return. Beirut

15- His father's son, Ahmed (2005). Generative structuralism and modern Arab criticism. B.I, The Egyptian Library for Publishing and Distribution. Egypt

B- Magazine:

16- Noureddine, Sadr (2009). "An Introduction to Generative Structuralism in Contemporary Arab Critical Reading," Alam Al-Fikr Magazine: Issue (1), Volume (38): 94.